سەرۆك وەزیران واژەکردنی ڕێککەوتنێك لەگەڵ ژاپۆن بۆ دابینکردنی دارایی کارگە بچووك و مامناوەندەکان ڕادەگەیەنێت

ئەمڕۆ پێنجشەممە، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، واژەکردنی ڕێککەوتنێکی لەگەڵ ژاپۆن بۆ دابینکردنی دارایی کارگە بچووك و مامناوەندەکانی ڕاگەیاند، هاوکات ئاماژەی بەوەدا کە ئەمە یارمەتیدەر دەبێت بۆ بوژاندنەوە و دامەزراندنی پیشەسازی نیشتمانی.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە ڕاگەیندراوەکدا بڵاویکردەوە " محەمەد شیاع سودانی، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ، بەیانی ئەمڕۆ پێنجشەممە کارکردنی لە پێژەی ئاشی ئیتیحاد ڕاگەیاند لە شاری مەدحەتییە لە پارێزگای بابل، کە یەکێك لە پێژەکانی کەرتی تایبەت بە بەرهەمهێنانی ئاردی سفر لە ناوخۆدا و توانای بەرهەمهێنانی ساڵانەی دەگاتە یەك ملیۆن تەن".

هەر بەگوێری ڕاگەیندراوەکە "سەرۆك وەزیران پێژەی فراوانکردنی کارگەی شەکری لە کەمپانیای ئیتیحاد کردەوە، دوای زیادکردنی هێزی بەرهەمهێنانی نوێ بە بەرهەمهێنانی شەکر، بە زیادکردنی توانای بەرهەمهێنانی کارگەکە لە (4200) تەن لە ڕۆژێکدا بە (6000) تەن لە ڕۆژێکدا".

هەروەها ئەوەیش هاتووە کە "لە وتارەکەیدا، سودانی ئاماژەی بەوە کرد ئەم پشکۆتنە بە چیرەکێکی سەرکەوتن دادەنرێت لە کەرتی تایبەتدا و جێختی لە پشتیوانی بە سنووری حکومەت کردەوە لە پێناو هێلی کاری زیاتردا، چونکە لە ئێستادا چالاکییەکانی کەمپانیاکە نزیکەی 4000 دەرفەت لەخۆدەگرێت، جگە لە

زیادکردنی بەرهەمهێنان و دابینکردنی زیادەکەی لە داهاتوودا بە هێناردەکردن بە دەرەوەی عێراق".

بە گوترەی راگەیندراوەکە" سەرۆك وەزیران داوای لە بازرگانان و کەمپانیاکانی کەرتی تایبەت کرد سوود لەو دەرفەتە وەبەرهێنانانە و ئەو گرێنتییە سەروەریانە وەربگرن کە لەلایەن دەوڵەتەوە پێشکەش دەکرێت لە ڕێگەی یاسای بودجەی سە ساڵییەوە، هەروەها واژەکردنی ڕێککەوتنێکی لەگەڵ ژاپۆن ڕاگەیاند بە دارایی کردنی پڕۆژە بچووك و مامناوەندەکان بە بەی 300 ملیۆن دۆلار، کە یارمەتیدەر دەبێت لە بوژاندنەوە و دامەزراندنی پیشەسازی نیشتمانی".

جێگای باسە کەمپانیای ئیتیحاد بە پیشەسازی خەراکی سنوردار لە پارێزگای بابل بە یەکێك لە گەورەترین کەمپانیاکانی پیشەسازی لە عێراق دادەنرێت و شەش کارگە لەخۆ دەگرێت ئەوانەش: کارگەی پاڵاوتنی شەکر و کارگەی پاڵاوتنی ڕۆنی ڕووکی و کارگەی بەرهەمهێنانی ئاڤی ڕووك و کارگەی دەرهێنانی سۆیا وکارگەی بەرهەمهێنانی پرەمیکس و کارگەی وشککردنەوەی گەنمە شامی زەرد".